نێچیرڤان بارزانی خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بره‌ودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژاپۆن نیشان دەدات

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە بەرپرسی نوێی نووسینگەی کۆنسووڵگەریی ژاپۆن لە هەولێر کرد. بەرپرس ژاپۆنییەکە ئاماژەی بۆ کردووە، وڵاتەکەی بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەڕوانێت.

نیوەدەی ئەمڕۆ یەکشەممە 25-05-2025 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە هیتەشی ئیشیزوکا، بەرپرسی نوێی نووسینگەی کۆنسووڵگەریی ژاپۆن لە هەولێر کرد.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوەکدا ئاماژەی بۆ کردووە، لە دیدارەکدا "سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، وێرای بەخێرهێنان و پیرۆزبایی دەستبەکاربوون، هیوای سەرکەوتنی بۆ بەدەست بەرپرسی نوێی نووسینگەی کۆنسووڵگەریی ژاپۆن لە هەولێر خواست و هەموو پشتگیرییەکی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ سەرخستنی ئەرکەکەی، دووپات کردەوە."

نێچیرڤان بارزانی خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بره‌ودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژاپۆن

نیشان دا، ئاماژەی بە دەرفەتی کار و وەبەرهێنانی ژاپۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد؛ هەروەها سوپاسی ژاپۆنی کرد بۆ یارمەتی و پشتگیرییەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

لای خۆیەوە، بۆپۆی راگەیێندراوی سەرکایەتی، ئیشیزوکا دووپاتی کردووتەوە، "وەاتەکەی بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەڵوانێت، خوازیارە لە بوارە جیاجیاکاندا برەو بە هاریکاریی هاوبەشیان بدات،" هەروەها پوختەیەکی لەسەر چالاکیی کۆمپانیا ژاپۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان و بەرنامەی کارەکانی، خستەڕوو.